www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21-7-2006 11:25

## زیندەگی سەختە ... بەختیار شاخی

کوڕێکی چوارشانەی بەژنڕێک دوای ماوەیەکی زۆر کارکردن لە مەیدانی میدیادا، بڕستی لێ بڕا و دەستی لەکار هەڵگرت و رووی کردە کاری بیناسازی. دەیگوت "برا زیندەگی سەختە و بەو مووچە کەمە دەرینابەم، وەبیرم نایەت کەنگێ مووچەم وەرگرتووە، ئەویش هەر بە سەوزی خواردم، ئاخر ئەو پولەی وەری دەگرم بەشی هیچ ناکات، کاکە لێرە دەبێ سەد پارچە بی".

لە قسەی ئەو برادەرەوە نهێنیی ئەوەشم باشتر بۆ دەرکەوت کە بۆچی هەندێ رۆژنامەنووس ناچارن لەکارێک زیاتر بکەن و بۆچیش هەندێکیان لە وەزیرێک زیاتر دەرامەتیان هەیە. هەندێک کەس بۆ پەیدا کردنی بژێوی ماڵ و منداڵیان ناچارن لە زیاتر لە شوێنێک کار بکەن، جا ئیدی توانای خۆیان چۆن دابەش دەکەن ئەوە دەبێ شوێنی کاریان وەڵام بداتەوە. لەناو زۆربەی رۆژنامەوانانداا باسی ئەوانە دەکرێت و دەگوترێت کەسانێک هەن بە کاری راگەیاندن خەنی بوونە، نەک لەبەر توانا و لێهاتوویی، ئەوانە کاری رۆژنامەوانی و ترسی بەرپرسان لە میدیاکان، بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و جاروبارە مەبلەغی ئەستوور وەردەگرن، هەیە وەک بازرگانی لێهاتووە و بەرپرسێک نابینی وەڵامی تەلەفونی نەداتەوە. بەڵام ئەو کەسانە زۆر نین و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، زۆریش ناسراون.

بەڵام بەگشتی کاری رۆژنامەوانی کارێک نییە بە پێوەری ئابووری پێی بڵێی کار، سەرئێشەیەکە و دەرامەتێکی زۆر کەمیشی هەیە، لەکاتێکدا رۆژنامەوان بەرلە هەموو شتێک پێویستیی بە ئاسایشی بیری هەیە و بۆ ئەوەش نابێ گیرفانی بەتاڵ بێت. لەوڵاتی ئێمەدا گەنجی بێکەڵکی وا هەیە کە بەهەر هۆیەک بێت گەیشتۆتە پلەی بەرزی بەرپرسیارێتی و دەرامەتێکی شاهانەی هەیە، گەنجی زۆر بەتوانا و لێهاتووش هەیە کە لەبەر ناچاری بە گرێبەست دەبێتە پەیامنێری رۆژنامەیەک، کە ئەو هەموو ناعەدالەتییەش دەبینێ و رەخنەیەک دەگرێ پێی دەگوترێ خائین. بەرپرسانی بەرێزیش کە دەوروبەریان پڕە لە خەڵکی بێتوانا و تەمبەڵ، قەت گوێیان لەدەنگی گەنجە بەتواناکان نابێت، چونکە تەمبەڵە ماستاوچییەکان لەجێی خۆیان دەترسن و ناهێڵن دەنگی خەڵکی بەتوانا بگاتە جێی خۆی.

لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی هاوکارم، کە وەکو خۆم، لە وەرزی بەهارەوە بە دیداری مووچە شاد نەبووە، بێ ماندووبوون، ئەم پێناسەیەمان بۆ مووچەی رۆژنامەوانانی وابەستە بە راگەیاندنی پارتی دۆزیەوە:

مووچە: بڕە پارەیەکی رەمزی و وەرزییە، سێ مانگ جارێک لەلایەن بەشی دارایی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەدرێتە کادیرانی میدیاکانی سەر بەو مەکتەبە. ئەویش مەعلوم نییە دەدرێت یان نادرێت.